كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 20:12 27-5-2007

## وەزیری كارەبا ... ئەم كاتەت باش! ... سەهین نوعمان موفتی

دەزانم ئێستا تۆش وەكوم بەیانیان خواخواتە رۆژ ببێتەوەو بچیتە دەوامی ئاسایی رۆژانەت هەر هیچ نەبێ سپلیتەكەی لێ هەیە و خواخواتە هەر لە پشتی مێزەكەتەوە و كورسییەكەی ژێرەوەت وەكو كارۆموگناتیسێك پێتەوە بنووسێ و لێت نەبێتەوە، ئەی وانیە؟ دە ئەگەر وانیە بلێ وانیە.
ئەزانم زۆر باش ئەزانم تۆش وەكو من منالە وردیلەكەت نەخۆش كەوتووەو لەبەر دەردی بێ كارەبایی تووشی سك چوون بووەو لەگەرما خەوی نییەو تووشی زەردك بووە.
دیسان باش دەزانم مالەكەی تۆش وەكو هەموو ئەو مالانەی كە لەدەرەوەی شار لە كۆمەلگەكانی وەك (دارەتوو، بنەسلاوە، مەلا ئۆمەر ... هتد) پرە لە مێش و مەگەزو تەنانەت پارەی ئەوەت نییە پەمپێكی مێش كوژی پێ بكرێ،
ئەوەتا باش باشیش ئەزانم و ئەتبینم رۆژانە بەبەردەوامی لەسەر شاشەی تیڤیەكاندا موژدەی خەیالی و خۆشی و شادی ئەدەی بە هاولاتیان كە گوایە لە 6/1/ ئەمسالدا دیسان كارەبا بەرەو باشتر دەروات.
لێرەدا دەمەوێ چەند پرسیارێكی سووك و سانات ئاراستە بكەم فەرموو لە خوارەوە بیخوێنەوە:

1. ئێمەئێستا لەسەردەمی مۆدێرن و تەكنەلۆژیای بێ بەرامبەر دەژین، كەچی نازانم بۆ چی دوای چەند سالێك یەك بەیەكی كابینە كانی حكومەتی هەرێم كێشەی كارەبا هەر بەردەوامە؟
2. ئایا ئەگەر جەنابتان لە شوێنی ئەدیسۆن بوونایە، هەلوێستان چۆن دەبوو بەوەی كە كارەبا لە هەرێمێكی وەكو كوردستان نییە؟ توخودا پەشیمان نەدەبوونەوە لەوەی كە تاوەكو ئێستا ئێمە لە رووی مرۆڤایەتییەوە بێ بەشین لەم خێرو بەرەكەتە؟
3. بۆ چی هەموو سالێك ئەوەتەی من بیرمە هەر لە (6/1) ی هەموو سالێكدا بیر لە تۆز قالێك چاكتر كردنی كارەبا دەكەنەوە؟
4. خەلكی ئەم مەملەكەتە دل خۆش بوون بەوەی لە كابینەی پێنجەمی حكومەتەكەماندا پێش هەموو شتێك ئەم كێشەیە چارەسەر بكرێت، كەچی دەركەوت زۆر بە رۆتینی بیر لەو مەسەلەیە كرایەوە؟

هیوادارم بە دل و سینگێكی فراوان ئەم باباتەی من بەسەر بكەیتەوە و ئەگەر دەشتەوێ بزانی نووسینەكەم تا چەند نزیكە لە راستییەوە دەتوانی، سەردانێكی نەك مالی من بەتەنها، ئەو مالانەی كە مندالی خوار تەمەنی 2 سالیان هەیە سەرێكی بە خێری خۆتیان لێ بدەیت، بۆ خالی دووەمیشیان سەردانێكی شارۆچكەو كۆمەلگەكانی دەوروبەری پایتەختی كوردستان بكەیت یان هەر هیچ نەبێ رۆژانە بۆ ماوەی (2) كاتژمێر بێ كارەبا تەحەموول بكە لە مالەكەی خۆتاندا.

هەولێری پایەتەختی كوردستان
Sahen_darush@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.